# ڕادەی بەرکەوتنی خوێندکارانی زانکۆ و کارلێکردنی لەگەڵ پەیامی پێگە ئەلکترۆنییەکان

## خوێندکارانی بەشی راگەیاندنی کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بەنموونە توێژینەوەیەکی روپێوییە

**یوهان عوسمان حەمە**
بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامرازەکانی میدیا بەردەوام هۆکارێکن بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر جەماوەر، جا ئەو کاریگەرییە ئەرێنی یان نەرێنی بێت، بەڵام دوابەدوای پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و هاتنەکایەی میدیای نوێ جۆر و ئاستی کاریگەرییەکانی گۆڕانکارییان بەسەرداهات، تا وایلێهات لەچوارچێوەی سنوردار دەرچوو وەک لەمیدیایی کلاسیکدا هەبوو بۆ کارلێکردن و نەهێشتنی سنور لەنێوان نێرەر و وەرگر، ئەمەش بووە هۆکارێکی بەهێز بۆ گۆڕینەوەی شوێن و پێگە، لەنێوانیاندا، چیتر جەماوەر تەنها پشت بەیەک سەرچاوەی میدیای نابەستێت بۆ وەرگرتنی زانیاری و مەودا و پانتاییەکی فراوان و کەرەستەی بەهێزی لەبەردەستدایە بۆ دەستخستنی زانیارییە گرنگەکانی مەبەستییەتی وەریبگرێت، بۆیە ئەمن توێژینەوە کاردەکات بۆ تیشک خستنەسەر کێشەی ئاستی پشت بەستنی خوێندکارانی زانکۆ بە پەیامی پێگە ئەلکترۆنییەکان، پاشان هەوڵدەدات کار بکات بۆ وەرگرتنەوەی هەندێک وەڵام لەسەر ئەمەنجەکانی وەک، رادەی پشت بەستن بەپەیامی ناو پێگە ئەلکترۆنییەکان لەچ ئاستێکدایە، کام رەگەز زیاتر پشتی پێدەبەستن، پێگەکان بونەتە هۆکارێک بۆ رازیکردن و تێرکردنی خواستەکانی خوێندکاران.

**کلیلی ووشەکان:**
بەرکەوتنی خوێندکاران بە میدیا، ئاستی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر خوێندکارانی زانکۆ، کارلێکردنی خوێندکارانی زانکۆ لەگەڵ پەیامی میدیایی، پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان، کاریگەری پەیامی پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان لەسەر خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی.

### کێشەی توێژینەوە

هەموو ئامرازەکانی میدیا سەرەتا لەگەڵ دەرکەوتنیان، چەندین ئاستەنگ و بەربەست بۆ بەکارهێنەران دروست دەکات تا ئەو رادەیەی توانای هەزمکردنی قورس بێت، توشی چەندان ئاستەنگ و تەنگەژە دێتەڕێی بەکارهێنەران و شوێنکەوتوانی، بۆیە دوای دەرکەوتنی میدیایی نوێ و بەرەوپێشچونی ئاستەکانی کارکردنی ئەم میدیایە و زەقبونەوەی ئەرکی کارلەیەککردن، لەنێوان میدیا و جەماوەر، بووە هۆکارێک لەدەرخستنی چەندان کێشە، کەپێویستیان بەدۆزینەوەی نێوەندە بۆ چارەسەرکردنیان، کێشەکانیش بەجۆرێکن، کە دەکرێت هەموو بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەمی لابرێت، چونکە دەرکەوتنی میدیا نوێ پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ جەماوەر، کە چیتر تەنها پشت بەیەک ئامرازی میدیای نەبەستێت بۆ دەستکەوتنی زانیاری و کارلێکردن لەگەڵیدا، گرنگە ئەوە بخرێتەڕوو تاچەند پەیامی پێگە ئەلکترۆنییەکان هۆکارێکن بۆ پێدانی زانیاری، ئەم توێژینەوە کاردەکات بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانەی دەخرێنەڕوو، لێرەدا چەند کێشەیەک دەخەینەڕوو، کەتوێژینەوەکە کار بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکانی دەکات، وەک:

1- ئایا پەیامی پێگە ئەلکترۆنییەکان بۆتە هۆکارێک بۆ پێدانی زانیاری و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەشی راگەیاندن تا پشتی پێببەستن؟ کاررلێک بکەن لەگەڵیدا؟

2- ئایا ئەرکی کارلەیەککردن لەنێوان پێگە ئەلکترۆنییەکان و خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەشی راگەیاندن لەڕێگەی پێگە ئەلکترۆنییەکانەوە بەرجەستە دەبێت؟

3- پێگە ئەلکترۆنییەکان بونەتە هۆکارێک خوێندکارانی زانکۆی بەشی راگەیاندن پێویستی بەهیچ جۆرێکی تری ئامرازی میدیایی نەبێت لەدەستخستنی زانیاری نوێی ناوخۆیی و دەرەکی و بەردەوام بەکاری بهێنن؟

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 7، العدد 2(2021) ؛ عدد الصفحات (11)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v7n2y2021.pp23-33
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 5 كانون الثاني 2021؛ قُبل في 31 كانون الثاني 2021؛ نُشرت في 2 أيار 2021
البريد الإلكتروني للمؤلف : yohan.hama@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2021 يوهان عوسمان حەمە. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

### گرنگی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە لەسێ لایەنەوە گرنگی خۆیی هەیە:

1- لەڕووی زانستی: دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ کتێبخانە و بۆ توێژەران سودی لێوەرگرن دەربارەی ئەرکی کارلەیەککردنی میدیایی.

2- لەڕووی مرۆیی: هۆکارێکە بۆ دەرخستنی ئاستی پێداویستییەکانی مرۆڤ و ئەو ئامرازانەی دەتوانن زانیاری و ڕووداوەکانی ڕۆژانەیان بۆ بڵاوبکەنەوە.

3- لەڕووی پراکتیکیەوە: هۆکاریکە بۆ دەرخستنی کەم و کورتی و ئەو کێشانەی دەبنە بەربەست لەنێوان دەرکەوتنی ئاستی بەرزی کارلەیەککردن لەنێوان جەماوەر و پەیامی پێگە ئەلکترۆنییەکان، هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆیی.

### ئامانجی توێژینەوە

هەموو توێژینەوەیەک چەندین ئامانج لەخۆ دەگرێت، بەپێی جۆری ئەو کێشەی هەستی پێدەکرێت، توێژینەوەکەش ئەم ئامانجانە لەخۆ دەگرێت: میدیای نوێ دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ پێدانی زانیاری بە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەشی ڕاگەیاندن ، تا پشتی پێببەستێت؟ ,پێگە ئەلکترۆنییەکان دەتوانن هۆکارێک بن بۆ دروستکردنی کارلەیەککردن لەنێوان پەیامی میدیایی و خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەشی ڕاگەیاندن ؟، پێگە ئەلکترۆنییەکانی دەتوانن خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەشی ڕاگەیاندن لەسەر ئەوە ڕابهێنن ببنە بەکارهێنەرێکی چالاک و پەنا بۆ هیچ ئامرازێکی میدیای تر نەبەن؟، کام ڕەگەز لە (نێر، مێ) و شوێنی نیشتەجێبون و پسپۆڕی و قۆناغ کاریگەرییان چییە، لەسەر ئاستی پێشب بەستن بەپەیامی پێگە ئەلکترۆنییەکان و بەکارهێنانی میدیای نوێ، لای خوێندکارانی بەشی ڕاگەیاندن.

### میتۆدی توێژینەوە

توێژینەوەکە پشت بەمیتۆدی ڕووپێوی دەبەستێت، بۆ دەستختنی زانیارییەکان و کۆکردنەوەی زانیارییە گرنگەکانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەشی ڕاگەیاندن.

### ئامرازی توێژینەوە

بۆ گەیشتن بەئامانجانە پشتی بەئامرازی، (فۆرمی ڕووپێوی) بۆ دەستختنی ڕاوبۆچونی جەماوەر سەبارەت بەجۆری پەیام و ئەو زانیارییانەی لەڕێگەی هەردوو پێگەی ئەلکترۆنییەکانەوە وەریانگرتووە.

### بوارەکانی توێژینەوە

توێژینەوەکە سێ بواری گرتووەتەوە ئەوانیش:

ا- بواری مرۆیی: ئەو خوێندکارانەی زانکۆکانی سلێمانی / بەشی ڕاگەیاندن دەگرێتەوە، خوێندکارانی خوێندنی بەیانیان، کە فۆرمەکانیان بەسەردا دابەشکراوە، ژمارەیان (360) خوێندکارن، بەڵام لەکۆی گشتیدا بری (218) فۆرم گەڕایەوە.

ب- بواری شوێن: مەبەستمان لە هەرێمی کوردستانە و زانکۆی سلێمانی، لەپارێزگای سلێمانی.

پ- بواری کات: بریتییە لەو کاتەی کە فۆرمەکان دابەشکران و کۆکراونەتەوە و هەڵاوێرکران، کە لە 2020/09/1 تا 2020/09/20 بەردوامبووە.

### سامپڵی توێژینەوە

سامپڵی توێژینەوەکەمان خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەشی ڕاگەیاندن قۆناغەکانی (1، 2، 3، 4) بۆ ساڵی خوێندنی 2019 بۆ 2020.

### دیاریکردنی کۆمەڵگاو سامپڵ

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە سەرجەم خوێندکارانی زانکۆکانی سلێمانی/ بەشی ڕاگەیاندن، لەهەر چوار قۆناغ، کەژمارەیان (360) خوێندکارە، کەسەرجەمیان خوێندکاری دەوامی بەیانینان، لەڕێگەی فۆرمی ئەلکترۆنیەوە، فۆرمەکان بەشێوازی ئەلکترۆنی دابەشکراون و وەرگیراونەتەوە، بەبەکارهێنانی (Google Form).

### هۆکار هەڵبژاردنی سامپڵی توێژینەوە

هەڵبژاردنی سامپڵەکەمان بەشێوازی سامپڵی تەواو (حصر شامل) بۆ سەرجەم خوێندکارانی بەشی ڕاگەیاندن و سەرجەم قۆناغەکان دەوامی بایانیان، بەهۆکاری زیاتر بەئاگابوونی خوێندکارانی ئەو بەشەیە بۆمیدیا و پەیامە میدیاییەکان و دەرخستنی ئاستی کارلەیەککردن لەسەریان، چونکە خوێندکاران لەماوەی خوێندنیان، لەڕێگەی وانەکانی بەشی ڕاگەیاندنەوە، دەخوێندرێن و ڕێنوێیان دەکەن بۆ سەیرکردن و کارکردن لەگەڵ پەیام و بابەتەکانی نێو میدیای نوێ.

### دروستی

بۆ دەرهێنانی دروستیی فۆرمی پێوانەیی توێژنەوەکە، توێژەر پشتی بە ڕێگەی دروستیی ڕواڵەتی بەستووە، کە بریتییەلە پیشاندانی فۆمەکە بە ژمارەیەک هەڵسەنگێنەری ئەکادیی( * هەڵسەنگێنەران: پ.د سابیر بکر مستەفا / پسپۆری پەروەردەی بنەرەتی/ ز.سلێمانی/ پ.ی.د فواد علی احمد / پسپۆری میدیا/ ز.سلێمانی/ پ.ی.د حەکیم عوسمان حەمید / پسپۆری میدیا / ز.پۆلی تەکنیک/ پ.ی.د سەلام نەسرەدین محەمەد / پسپۆری میدیا/ ز.سلێمانی. / پ.ی.د لانە سابیر محەمەد/ پسپۆری میدیا / ز.سلێمانی)، دوای گەڕانەوەی فۆرمەکە و بەهەندوەرگرتنی تێبینیە زانستییەکانی هەڵسەنگێنەران، ڕادەی ڕێککەوتنی هەڵسەنگێنەران بەڕێژەی (91.66) بوو، کە ئەمەش ڕێژەیەکی گونجاوە لەڕووی زانستییەوە، توێژەر پشتی بە یاسای هۆڵستی بەستووە.

### جێگیری

بۆ گەیشتن بەجێگیریی توێژەر، هەستان بەدووبارە دابەشکردنەوەی فۆرمەکە بە تێپەربوونی ماوەی (10 ڕۆژ) بەسەر مێژووی یەکەم دابەشکردندا، بەسەر ڕێژەی (30٪) سامپڵی توێژینەوەکە، کە (90) لێتوێژەر بوون، بەپشتبەستن بەیاسای (ئەلفا کرۆمباخ) بۆ جێگیری، کە ناوەندی هاویەکی توێژەر لەگەڵ لێتوێژەراندا کردویتی (0.878)، ئەمەش بەرێژەیەکی بەرز بۆ دڵنیابوون لەڕوونی ڕاستگۆیی فۆرمی ڕووپێوییەکە دادەنرێت.

### پرکردنەوەی فۆرمی پێوانەیی

بۆ جێبەجێکردنی لایەنی پراکتیکی توێژنەوەکە، توێژەر لەسەر بنەمای لیکەرتی سیانی بۆ وەڵامی پرسیارەکانی فۆرمەکە، سێ بژاردە خراوەتە بەردەم لێتوێژەران، کە بریتیبوون لە (زۆرجار، هەندێجار ، هەرگیز).

## چارەسەرە ئامارییەکان

توێژەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، ئەم شێوازە ئامارییانەیان بەکارهێناوە:

آ- دووبارە و ڕێژەی سەدی بۆ خستنەڕووی زانیارییە گشتییەکانی لێتوێژەران.

ب- ئیوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ خستنەڕووی ئەنجامی بڕگەکانی فۆرمی پێوانەیی.

پ - (T - Test) بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی تاک سامپڵ بەپێی کروسکاڵ.

ج – (ریزبەندی پلەبەندی) بۆ دەرهێنانی جیاوازیی ئەو گۆڕانکارییانەی بژاردەکانی سێ بەرەو سەرن، بەپێی کروسکاڵ.

## پێناسەی چەمکەکان

1- بەرکەوتن: مەبەستمان لەبەرکەوتنی ماددییە لەلایەن جەماوەرەوە بۆ پێگە ئەلکترۆنییەکان، واتە سەیرکردن و وەرگرتنی زانیاری لەلایەن جەماوەرەوە بەهۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە.

2- خوێندکارانی زانکۆ: ئەو توێژەی کۆمەڵگایە، کەلەدوای تەواوکەدنی تەمەنی مێرمنداڵی و گەیشتنە تەمەنی (18) ساڵی دێتە ناو زانکۆ و لەکۆلێج و بەشەکانی زانکۆ وەردەگیرێت و پسپۆڕی و شارەزایی لەبوارێکی زانستیدا پەیدا دەکات.

3- کارلێکردن: واتە کارکردنە سەریەک، لەنێوان دوو لایەندا دەبێت، ئەوانیش پێگە ئەلکترۆنییەکان و جەماوەر، کەلەڕێگەیەوە زانیاری و شوێن و ئاستی کاریگەری لەنێوان ئەو دوولایەنەدا دروست دەبێت.

4- پەیام: بریتییە لەسەرجەم ئەو پەیام و ناوەرۆکانەی لەڕێگەی پێگە ئەلکترۆنییەکانەوە پەخش دەکرێت بۆ جەماوەر.

5- پێگە ئەلکترۆنییەکان: جۆرێکی میدیای نوێیە، لەڕێگەیەوە زانیاری و پەیامەکان بڵاودەکاتەوە و هەموو ئەو پێگانە دەگرێتەوە، کەزانیاری و جۆرەکانی هەواڵی ناوخۆیی و دەرەکی دەخەنەڕوو و پەخشی دەکەن بۆ جەماوەر و لەڕێگەی ووشەی نوسراو و وێنە و دەنگ و ڕەنگەوە.

توێژینەوەکانی پێشوو

## میدیایی نوێ و کارلێککردن

پێناسەی تایبەت بەمیدیایی نوێ

- فەرهەنگی ئۆکسفۆردی بەریتانی لە پێناسەی میدیایی نوێدا دەنوسێت هەر هۆکارێکی ڕاگەیاندن سود لە کۆمپیوتەر و هێڵەکانی ئینتەرنێت وەربگرێت و بەرهەمێکی میدیایی بەرهەم بهێنێت کە ئامانج لێی گەیاندنی زانیاری یاخود کات بەسەربردن بێت ئەوە میدیایی نوێیە.ئۆکسفۆرد.( Internet, Oxford Dictionaries, 2018)

- هەروەها ماڵپەڕی تێکۆپیدیا (Techopedia) پێناسەی میدیایی نوێ دەکات بەوەی کە شێوازێکی دیجیتاڵی کۆمۆنیکەیشنە کە لە ڕێگەی کۆمپیوتەر و مۆبایلە زیرەکەکان و ئامێرە ئەلکترۆنیەکانی دیکەوە ڕوودەدات. هەروەها میدیایی نوێ بە ئاوێتەبونی بەکارهێنەرانی لە میدیایی کۆن جیادەکرێتەوە و وەرگر ئازادی هەڵبژاردنی ناوەڕۆک و بابەت میدیاییەکانی هەیە بە گوێرەی حەز و ویست و کاتی خۆی. (Techopedia.com, 2018)

- پاوڵ لێستەر لە پێناسەی میدیایی نوێدا دەڵێت:"کۆمەڵێک تەکنەلۆژیای پەیوەندیە کە لە بەرەنجامی هاوسەرگیری نێوان کۆمپیوتەر و ئامرازە کلاسیکەکانی ڕاگەیاندن، چاپ، و وێنەگرتن و دەنگو ڤیدیۆوە لەدایک بوون. (Lester, P. M., 2011, pp.53)

## ماڵپەڕە ئەلکترۆنییەکان Websites

لە پاش بەردەســـتبوونی ئینتەرنێت، ماڵپەڕ و پێگە ئەلکترۆنییەکان وەک یەکەم دەرهاویشـــتەی بواری گشـــتی ئینتەرنێت دەرکەوت کە خزمەتگوزاری مێدیایی و گەیاندن و پێشـکەشـکردنی زانیاری بە تێکسـت و دەنگ و ڕەنگەوە پێشـکەش بە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت کرد. هەروەک فەرهەنگی dictionary پێناســـەی دەکات ماڵپەڕ Website بریتییە لە کۆمەڵێک لاپەڕەی Webpage پێکەوە بەســـتراو Linked لە ناو تۆڕی ئینتەرنێتدا WWW دەربارەی بابەتێک یان چەند بابەتێکی دیاریـکـراو کە دەکـرێـت تاکەکەس یان دامەزراوە و گـروپـێـک بەرێـوەی ببات(www.dictionary.com., 2018).

هەروەها فەرهەنگی بەناوبانگی Merriam-webster پێناســـەی ماڵپەڕ دەکات کە کۆمەڵە لاپەڕەیەکی ئەلکترۆنین لە ناو تۆڕی ئینتەرنێـت کە لە هـاپەر لینـک hyperlinks پێکهاتوون و بە شێوەی ئۆنلاین بەردەستن بۆ بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت کە دەربارەی بابەت جۆراوجۆرەکان بابەتیان تێدایە وەک کۆمپانیا و دامەزراوەکانی حکومەت و پەروەردە و خوێنـدن و ڕێکخراو و دەزگـاکانی دیکە.(Merriam-webster.com., 2018)

یەکەم ماڵپەڕی ئەلکترۆنی لە ٦ی ئۆگەســـتی ســـاڵی 1991 لە لایەن تیم بێرنێرس لیی-یەوە و لە تاقیگەیەکی کۆمپیوتەریەوە لە ناوچەی ئەلپی ســـویسرـــاوە بڵاوکرایەوە (https://www.w3.org)و پەخشـــکرا کە یەوە بە یەکەم مـاڵپەڕی ئەلکترۆنی دادەنرێت لە جیهاندا، ئەگەرچی وێنەی یەکەم پەخشـــی نەماوە و هەڵنەگیراوە بەڵام ڕوکاری ماڵپەرەکە لە ساڵی 1992 دا هەیە و بەردەستە.(HuffPost UK., 2018)

## خستنەڕووی ئەنجامی فۆرمی پێوانەیی و ڕاڤەکردنیان

1- *زانیاری لەسەر ژمارەی خوێندکاران، کەوەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە بەم شێوەیەیە:*

لەکۆی گشتی (360) خوێندکار بەهەر چوار قۆناغی بەشی ڕاگەیاندن، تەنها (218) خوێندکار وەڵامییان داوەتەوە و (142) خوێندکار وەڵامیان، نەداوەتەوە، کە هەندێکیان خوێندنیان دواخستووە و هەندێکیان بەکەوتوو ئەژمارکراون و هەندێک بەهۆی نەبونی خەتی ئەنتەرنێت و هەندێکیان بەبیانوی نەبونی کات و پڕکردنەوەی فۆرمەکان بەهەڵە بۆیە دوور خراونەتەوە، چەند هۆکارێکی تر وەڵامیان نەداوەتەوە.

خشتەی (1)
زانیاری لەسەر ژمارەی خوێندکارانی بەشی ڕاگەیاندن

| بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| فۆرمی گەڕاوە | 218 | 60.55 | 1 |
| فۆرمی نەگەڕاوە | 142 | 39.44 | 2 |
| کۆ | 360 | 100 | |

2- زانیاریی بنەڕەتی لێتوێژەران

- دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییە بنەڕەتییەکانی تایبەت بە لێتوێژەران، دەردەکەوێت لەڕووی (رەگەز، تەمەن، قۆناغ، شوێنی نیشتەجێبوون)، سامپڵی توێژینەوەکەمان کە ژمارەیان دەگاتە (218) لێتوێژەر، کەفۆرمەکانیان گەڕاوەتەوە، بەمشێوەیەیە:
- أ- رەگەز: بە پلەی یەکەم رەگەزی (نێر) دێن بە (120) دووبارەو (67.7%) و رەگەزی مێ بە پلەی دووەم دێن بە (98) دووبارە (32.2%).
- ب- تەمەن: بە پلەی یەکەم ئەوانە دێن کە لەنێوان (18-20) ساڵیدان بە دووبارەی (165)، چونکە خوێندکارانی قۆناغی یەکەم و دووەم تەمەنیان لەو ئاستەدایە، ئەمەش هۆکاری زۆری ژمارەی خوێندکارانە لەو ئاستەی تەمەن و لەپەلی دووەمدا تەمەنی (24-26) دێت، بە دووبارەی (31) دەگاتە (14.22%)، هەروەها لەپلەی سێیەمدا (21-23) دێت، لەپلەی چوارەم (27 بەرەو سەر)ە.
- پ- قۆناغ: بە پلەی یەکەم قۆناغی یەکەم دێت بە (84) دووبارە و (38.53%)، لەپلەی دووەمدا قۆناغی دووەم هەیە بە (66) دووبارە و لەپلەی سێیەمدا قۆناغی سێیەم دێت بە (42) دووبارە، لەدواپلەدا قۆناغی چوارەم بەهۆی تەواو بونیان لەم قۆناغەدا بۆساڵی خوێندنی (2019-2020) ژمارەی دووبارەکانی دەگاتە (26) دووبارە، تەنها ئەو ژمارەیەی خوێندکارانی قۆناغی چوارەم ئامادە بوون وەڵ.
- ت- لقەکان: لەم خشتەیەدا ژمارەکان گۆرانکاری بەسەردا دێت، چونکە بەشی راگەیاندن لەقۆناغی سێیەمەوە دابەش دەبێت بۆ سێ لقی سەرەکی ئەوانیش (تەلەفزیۆن، رۆژنامە، پەیوەندی گشتی)، بۆیە تەنها خوێندکارانی قۆناغەکانی سێیەم و چوارەم دەتوانن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە، بەپلەی یەکەم بەشی تەلەفزیۆن دێت بە (30) دووبارە و (44.11%) و لەپلەی دووەهەمیشدا پەیوەندی گشتی بە (24) دووبارە، لەپلەی سێیەم بەشی رۆژنامە دێت بە (14) دووبارە، وەک لەژمارەکاندا دەردەکەوێت، کەلقی رۆژنامە لەهەموو بەشەکانی کەمتر وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە، هۆکارەکەشی بۆ کەمی پابەند بوون بوو بەوەڵامدانەوەی فۆرمەکە.
- ج- شوێنی نیشتەجێبوون: بەپلەی یەکەم دەرەوەی شار بە (118) دووبارەو رێژەی سەدی (54.12%) و لەپلەی دووەهەمیشدا ناوشار بە (100) دووبارە، چونکە خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی بەشی راگەیاندن، زۆربەی دەرەوەی شارن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (2).

خشتەی (2)

زانیاریی بنەڕەتی لێتوێژەران

| گۆراوەکان | بژاردەکان | دووبارە | ٪ | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|
| رەگەز | نێر | 120 | 55.04 | 1 |
| | مێ | 98 | 44.95 | 2 |
| | کۆ | 218 | 100 | |
| تەمەن | 18-20 | 165 | 75.68 | 1 |
| | 21-23 | 15 | 6.88 | 3 |
| | 24-26 | 31 | 14.22 | 2 |
| | 27 بەرەو سەر | 7 | 3.21 | 4 |
| | کۆ | 218 | 100 | |
| قۆناغ | یەکەم | 84 | 38.53 | 1 |
| | دووەم | 66 | 30.27 | 2 |
| | سێیەم | 42 | 19.26 | 3 |
| | چوارەم | 26 | 11.92 | 4 |
| | کۆ | 218 | 100 | |
| لق | تەلەفزیۆن | 30 | 44.11 | 1 |
| | رۆژنامە | 14 | 20.58 | 3 |
| | پەیوەندی گشتی | 24 | 35.29 | 2 |
| | کۆ | 68 | 100 | |
| شوێنی نیشتەجێبوون | ناوشار | 100 | 45.87 | 2 |
| | دەرەوەی شار | 118 | 54.12 | 1 |
| | کۆ | 218 | 100 | |

3- بەکارهێنەری میدیای نوێ

- دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییەکانی تایبەت بە وەڵامی لێتوێژەران، دەردەکەوێت لە (90٪) خوێندکاران بەکارهێنەری مێدیای نوێن، گومانی تێدا نییە ئەم ژمارەیە ئاساییە، چونکە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئاسانی بەکارهێنان هۆکارێکی بەهێزە تاوەکو زۆربەی چین وتوێژەکانی کۆمەڵگا رووبکەنە بەکارهێنانی میدیای نوێ، بەئاسانی دەتوانن زۆرترین زانیاری و جیاوازی لەبۆچونەکان دەست بخەن، لەدارشتن و پێدانی زانیارییەکان و توانای بەشداركردنی راستەوخۆیان هەیە و دەتوانن وەڵامی زانیارییەکان بدەنەوە، هاوکات رێژەی ئازادی و بەرفراوانی زانیارییەکان هۆکارێکی تری بەهێزن بۆ زۆری بەکارهێنان، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (3).

خشتەی (3)

ئایا بەکارهێنەری میدیای نوێت

| بەکارهێنەران | دووبارە | ٪ | ن | پەرشبونەوە | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | 198 | 90.825 | 0.917 | 0.289 | 1 |
| نەخێر | 20 | 9.174 | | | 2 |
| کۆی گشتی | 218 | 100 | | | |

4- رۆژانە چەندکات تەرخان دەکەیت بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ

- هەر لەبەر ئەو هۆکارانەی لەخشتەی (3)دا باسکران و دوای ئیجباربوون بۆ خوێندن بەشێوەی ئۆنلاین و ئەلکترۆنی، کاتی تەرخانکراو بۆ بەکارهێنانی مێدیای نوێ بەرزدەبێتەوە، کە 5کاتژمێر زیاتر (62.12%) خوێندکاران هەڵیان بژاردووە، بۆتە پلەی یەکەم و ناوەندە ژمێرەی خشتەکەش دەریدەخات، ئاستی بەکارهێنان بەرزە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (4).

خشتەی (4)

رۆژانە چەندکات تەرخان دەکەیت بۆ بەکارهێنانی میدیای نوێ

| ئامێرەکان | دووبارە | ٪ | ن | پەرشبونەوە | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| 5کاتژمێر زیاتر | 123 | 62.12 | 3.38 | 0.900 | 1 |
| 1-2 کاتژمێر | 50 | 25.25 | | | 2 |
| 3-4 کاتژێر | 21 | 10.6 | | | 3 |
| لە1کاتژمێر کەمتر | 4 | 2.02 | | | 4 |
| کۆیی گشتی | 198 | 100 | | | |

5- لەرێی کام ئامێرەوە بەکاری دەهێنێت

- بەهۆی ئاسانی بەکارهێنان و کەمی گرتنی شوێن لەناو گیرفان و قەبارەی بچوک، هۆکارێکی بەهێزە بۆ هەڵبژاردن و زۆری بەکارهێنــان لەلایەن لێتوێژارانەوە، مۆبایـل لەپلەی یەکەمـدا دێـت بە (191) دووبارە، بۆزانیـاری زیاتر بڕوانە خشتەی (5).

خشتەی (5)

لەرێ کام ئامێرەوە میدیای نوێ بەکاردەهێنێت

| ئامێر | دووبارە | ٪ | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| کۆمپیوتەر | 5 | 2.52 | 2 |
| تابلێت | 2 | 1.01 | 3 |
| مۆبایل | 191 | 94.46 | 1 |
| کۆی گشتی | 198 | 100 | |

6- میدیای نوێ بەچ مەبەستێک بەکاردەهێنێت

- دوای هەڵاوێرکردنی وەڵامەکانی لێتوێژەران دەردەکەوێـت، خوێنـدکاران لەپێنـاو دەســـتخســـتنی زانیاری و هەواڵ زیاتری مێدیای نوێ بەکاردەهێنن بە(104) دووبارە و لەپلەی یەکەمدایە، بەراورد بەپەیداکردنی داهات کەتەنها (1) دووبارەی هەیە و لەدوا پلەی ریزبەنـدیـدایە، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی خوێندکاران بەهۆی خوێندنەوە، زیاتر هەوڵ دەدەن زانیاری دەســـتبخەن نەک بیکەنە هۆکارێک بۆ پەیداکردنی داهات، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی(6).

خشتەی (6)

میدیای نوێ بەچ مەبەستێک بەکاردەهێنێت

| ئامێرەکان | دووبارە | ٪ | ن | پەرشبونەوە | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| دەستخستنی زانیاری و هەواڵ | 104 | 52.525 | 2.43 | 1.76 | 1 |
| دۆزینەوەی هەڵە و رەخنەگرتن | 4 | 2.020 | | | 5 |
| بۆ کاتبەسەربردن | 37 | 18.686 | | | 2 |
| بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری | 35 | 17.676 | | | 3 |
| پێگەیاندنی خود بۆ بازاڕی کار و دۆزینەوەی هەلی کارکردن | 15 | 7.575 | | | 4 |
| ، پەروەردەکردنی خود لەدانانی پلان بۆ داهاتوو | 2 | 1.010 | | | 6 |
| پەیداکردنی داهات | 1 | 0.505 | | | 7 |
| کۆیی گشتی | 198 | 100 | | | |

7- ئایا بۆ دەستخستنی پەیامەکان پشت بەمیدیای نوێ دەبەستیت

- دوای هەڵاوێکردنی وەڵامەکانی لێتوێژەران دەردەکەوێـت، کە لەکۆی (198) بەشداربووی میدیای نوێ تەنها (100) کەسیان، پشت بەپەیامی میدیای نوێ دەبەســـتن بۆ تێرکردنی خواســـت و زانیارییەکانیان و (98) کەســـیان پشـــت بەئامرازی تری میدیای دەبەستن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (7).

خشتەی (7)

ئایا بۆ دەستخستنی پەیامەکان پشت بەمیدیای نوێ دەبەستیت

| بەکارهێنەران | دووبارە | ٪ | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| بەڵێ | 100 | 50.50 | 1 |
| نەخێر | 98 | 49.49 | 2 |
| کۆی گشتی | 198 | 100 | |

8- زیاتر گرنگی بەکام جۆری رووداو دەدەیت کەلە پێگەئەلکترۆنییە کوردییەکاندا بڵاوکراوەتەوە

- دوای هەڵاوێرکردنی وەڵامەکانی لێتوێژەران، دەردەکەوێـت، خوێنـدکاران زیاتر گرنگی بە رووداوە ناوخۆییەکان دەدەن بەرێژەی (97%) بەروارد بەرووداوە دەرەکییەکان، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارۆدۆخە نەخوازراوەی کێشـــە ناوخۆییەکان و هەرێمییەکان هێناویێتیە ئاراوە، جگەلە کێشـــەی پەتای کۆرۆنا (Covid-19) دروستی کردووە، پرسیاری خشتەی (8) بەشێوازێکی کراوە ئاراســـتەی خوێندکران کراوە، هەربۆیە دەرکەوتووە ژمارەی خوێندکاران کەم بۆتەوە بۆ (100) خوێنـدکار، چونکە تەنها ئەو ژمارەی خوێنـدکارانە گرنگی بە رووداوەکانی ناو پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان دەدەن، دەرکەوتووە زۆربەی خوێندکاران گرنگی بە رووداوە ناوخۆییەکان دەدەن، واتە لێرەدا زیاتر تیشـــک خراوەتەسەر ئەوەی خوێندکاران تاچەند گرنگی بەرووداوەکان دەدەن، کە لە پێگە ئەلکترۆنییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (8).

خشتەی (8)

زیاتر گرنگی بەکام جۆری رووداو دەدەیت کەلە پێگەئەلکترۆنییە کوردییەکاندا بڵاوکراوەتەوە

| رووداو | دووبارە | ٪ | ن | پەرشبونەوە | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوخۆیی | 97 | 97 | 1.03 | 0.171 | 1 |
| دەرەکی | 3 | 3 | | | 2 |
| کۆی گشتی | 100 | 100 | | | |

9- کام جۆری پێگەی ئەلکترۆنی زیاتر بەکاردەهێنێت

- پێگە ئەلکترۆنییەکان بەهۆی گرنگیـان لەپێـدانی زانیـاری ناوخۆیی و دەرەکی بەجەماوەر، هۆکارێکن بۆ زیاتر بەکارهێنان و دروستکردنی بڕوا لای خوێندکاران هەر بۆیە پێگە فەرمییەکان لەپلەی یەکەمدا دێت بە (97) دووبارە، هەر لەبەر دەرکەوتنی تەکنەلۆژیای تازە و فەراهەمبونی زانیـارییەکان لەســـەر پێگە ئەلکترۆنییەکان لەهەموو کات و شـوێنێکدا، هۆکاری بەهێزن بۆ پشـت بەسـتن پێگە ئەلکتۆنییەکان، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (9).

خشتەی (9)
کام جۆری پێگەی ئەلکترۆنی زیاتر بەکاردەهێنیت

| ناوەرۆک | دووبارە | ٪ | ن | پەرشبونەوە | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| زانیاری گشتی | 28 | 28 | 7.05 | 3.71 | 1 |
| ئایینی | 17 | 17 | | | 2 |
| رۆشنبیری | 17 | 17 | | | |
| تەندروستی | 12 | 12 | | | 3 |
| هونەر | 6 | 6 | | | 4 |
| وەرزشی | 4 | 4 | | | 5 |
| تەکنەلۆژی | 4 | 4 | | | |
| ئابوری | 3 | 3 | | | 6 |
| سەربازی | 3 | 3 | | | |
| ژینگەیی | 2 | 2 | | | 7 |
| سیاسی | 2 | 2 | | | |
| پەروەردەیی | 2 | 2 | | | |
| کۆیی گشتی | 100 | 100 | | | |

10- کاتێک زانیارییەک وەردەگریت بەکام ڕێگە کارلێک دەکەیت لەگەڵیدا

- دوای هەڵاوێکردنی وەڵامی لتوێژەران دەردەکەوێـت، لەکاتی کارلێکردنی لەگەڵ ناوەرۆکی پەیامەکانی ناو میدیای نوێ، خوێنـدکاران لەڕێگەی (Like) کارلێک دەکەن، کەلەپلەی یەکەمدا دێت بە (46) دووبارە و کەمترین خوێندکار لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لەزانیـارییەکان و ڕاســتکردنەوەی هەڵەکانی ناوی کارلێـک لەگەڵ ناوەرۆکی پەیامەکان دەکەن کەلەپلەی کۆتایـدایە و تەنهـا (2) دووبارەی هەیە، هۆکارەکەشی ئاسانی ئەنجامدانی کارەکەیە و خوێندکاران دەیانەوێت کەمترین کات تەرخانبکەن بۆ کارلطکردن لەگەڵ پەیامەکان، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشـــتەی (10).

خشتەی (10)
کاتێک زانیارییەک وەردەگریت بەکام ڕێگە کارلێک دەکەیت لەگەڵیدا

| ئامێرەکان | دووبارە | ٪ | ن | پەرشبونەوە | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| Comment | 27 | 27 | 2.38 | 1.36 | 2 |
| Like | 46 | 46 | | | 1 |
| Share | 3 | 3 | | | 5 |
| View | 12 | 12 | | | 3 |
| Post | 10 | 10 | | | 4 |
| ڕەخنەگرتن لەسەر زانیارییەکە و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی ناوی | 2 | 2 | | | 6 |
| کۆیی گشتی | 100 | 100 | | | |

11- کام جۆرە ناوەرۆکە Share دەکەیت

- دوای کارلێکردن و دەرکەوتنی فیدباک و کاریگەری ئەو ناوەرۆکەی خوێندکاران بەری دەکەون، خوێندکاران زیاتر لەڕێگەی شێرکردنی زانیاری گشتییەوە ئاستی کاریگەری و فیدباکیان دەخەنەڕوو، کە (28) دووبارەی هەیە و لەپلەی یەکەمدا دێت، لەپلەی دووەم و سێیەمدا هەردوو ناوەرۆکی (ئایینی و رۆشنبیری) دێن بە (17) دووبارە، هۆکاری شـــێوازی کاریگەرییەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێویســـتی خوێنـدکاران بەزانیـاری گشـــتی و خۆ رۆشـــنبیرکردنی، بەبەراورد بە لایەنی پەروەردەیی و سیاسی و ژینگەیی، کە چەند ناوەرۆکێکی بەهێزن بۆ خوێندکاران، بەڵام بەهۆیی زۆر باســـکردن و بوونە هۆکاری رۆتینی خوێندکاران گرنگی بەم جۆرە ناوەرۆکانە نادەن هەربۆیە تەنها (2) دووبارەیان تۆمارکردووە و لەدوا پلەدان، بۆ زنایاری زیاتر بڕوانە خشتەی (11).

خشتەی (11)
کام جۆرە ناوەرۆکە Share دەکەیت

| پێگەکان | دووبارە | ٪ | ریزبەندی |
|---|---|---|---|
| فەرمییەکان | 97 | 97 | 1 |
| نافەرمییەکان | 3 | 3 | 2 |
| کۆی گشتی | 100 | 100 | |

12- پشت بەکام پێگەی ئەلکترۆنی کوردی دەبەستیت

- لەکۆی گشتی هەموو ئەو پێگە ئەلکترۆنیانەی لەسەر ئاستی کوردستاند اهەن، خوێندکاران تەنها پشتیان بەسێ پێگەی ئەلکترۆنی بەستووە، کەلەپلەی یەکەمدا پێگەی ئەلکترۆنی رووداو نێـت دێـت بە (52) دووبارە، بەراورد بە پێگەی کوردســـتان 24 بە (15) دووبارە، هۆکارەکەشی بۆ ئەزمون و ئاســـتی چالاکی پێگەکان دەگەڕێتەوە، کەرووداو وەک پێگەیەکی ئەلترۆنی توانیویەتی ژمـارەیەکی زۆری سەردانیکەران لەخۆی کۆبکاتەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (12)

خشتەی (12)
پشت بەکام پێگەی ئەلکترۆنی کوردی دەبەستیت

| پێگە | دووبارە | ٪ | ن | پەرشبونەوە | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| رووداو | 52 | 52 | 1.63 | 0.733 | 1 |
| NRT | 33 | 33 | | | 2 |
| K24 | 15 | 15 | | | 3 |
| کۆی گشتی | 10 | 100 | | | |

13- ئەو هۆکارانە چین واتلێدەکات ناوەرۆکەکان لەڕێگەی پێگە کوردییەکانەوە وەرگریت

- دوای هەڵاوێکردنی وەڵامی لێتوێژەران دەردەکەوێت، کەهۆکاری تێکەیشـــتن بۆ زمان کەزمانی دایکە بە (76) دووبارە، لەپلەی یەکەمدایە و ناوەرۆکە تازەکان لەدوا پلەدایە بە (3) دووبارە، هۆکارەکەشی بۆ کەمی هەبوونی زانیاری لەســـەر زمانی بێگانە و نەبوونی ناوەرۆکی تازەی تایبەت بەگۆڕانکارییە جیهانییەکان لەناو پێگەکاندا، لەئەنجامی داخراوی قورسی بۆ گەشـــتکردن هەر لەدابیکردنی ڤیزا و بڕی تێچوون و کەمی داهات بۆ فێربونی زمانی جیاواز لەزمانی دایک، هۆکار گەلێکن بۆ پشت بەستن بەپێگە کوردییەکان، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (13).

خشتەی (13)

ئەو هۆکارانە چین واتلێدەکات ناوەڕۆکەکان لەڕێگەی پێگە کوردییەکانەوە وەرگرێت

| هۆکار | دووبارە | ٪ | ن | پەرشبونەوە | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| تێگەیشتنم بۆ زمانەکەیە | 76 | 76 | 7.05 | 3.71 | 1 |
| گرنگیدان بۆ ڕووداوە ناوخۆییەکان | 21 | 21 | | | 2 |
| ناوەرۆکەکان تازەن | 3 | 3 | | | 3 |
| کۆی گشتی | 100 | 100 | | | |

14- پەیام و زانیارییەکانی ناو پێگە ئەلکترۆنییەکان هۆکارێک بوون بۆ چالاک بونت و گۆڕینەوەی شوێنت لەگەڵ نێرەر

- لەکاتی وەرگرتنی زانیارییەکان و پەیامەکانی ناو پێگە ئەلکترۆنییەکان و دروستکردنی کاریگەری لەسەر خوێندکاران بۆ گۆڕینی شێوازی مامەڵە و گۆڕینی پێگەیان لەناو میدیای نوێدا، بژاردەی بونە وەرگرێکی چالاک و نێرەر و وەرگر لەیەککاتدا، لەپلەی یەکەمدا دێن بە (32) دووبارە، بەبەراورد بە دروستنەکردنی کاریگەری لەسەر خوێندکاران، کە (14) دووبارەی هەیە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کەمیدیای نوێ بۆتە ئامرازێک بۆ دەرخستنی دەنگە کپەکان و شاراوەکان و نەهێشتنی وەرگر و نێرەر بۆ پەیامەکان، بەڵکو هەردووکیان لەیەککاتدا هەردوو رۆڵەکە دەگێڕن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (14).

خشتەی (14)

پەیام و زانیارییەکانی ناو پێگە ئەلکترۆنییەکان هۆکارێک بوون بۆ چالاک بونت و گۆڕینەوەی شوێنت لەگەڵ نێرەر

| بژاردە | دووبارە | ٪ | ن | پەرشبونەوە | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| بویتە وەرگرێکی چالاک | 32 | 32 | 2.12 | 0.517 | 1 |
| بویتە نێرەر و وەرگر لەیەککاتدا | 32 | 32 | | | |
| بوتیە نێرەرێکی چالاک | 22 | 22 | | | 2 |
| هیچ کاریگەری لەسەرم نەبووە | 14 | 14 | | | 3 |
| کۆی گشتی | 100 | 100 | | | |

15- جگەلەپێگە فەرمییەکان کام سۆشیاڵ میدیا زیاتر بەکاردەهێنیت بۆ وەرگرتنی پەیامەکان

- خوێندکاران جگەلە پێگە ئەلکترۆنییەکان بۆ دەستخستنی زانیاری و پەیامەکان پشت بەچەندین سۆشیاڵ میدیای جیاواز دەبەستن، کەلەهەموویان بەناوبانگتر سۆشیاڵ میدیای فەیسبوکە بە (74) دووبارە و لەپلەی یەکەمدایە، بەبەراورد بە سۆشیاڵ میدیا تیک تۆک، کە (1) دووبارەی هەیە و لەدوا پلەدایە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ناوبانگ و ئاستی گرنگی سۆشیاڵ میدیای فەیسبوک، کە لەڕووی مێژووە لەپێش تیک تۆکە و زانیاری بابەتی هەمەڕەنگی زیاتری تێدایە و چەندین خزمەتگوزاری جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، هاوکات پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ لەسۆشیال میدیای ئینستاگرامدا هەیە، هەروەها رۆژانە بەشێوەیەکی چالاک (260) ملیۆن مرۆڤ لەسەر ئەم سۆشیاڵ میدیایە کاردەکەن، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (15).

خشتەی (15)

جگەلەپێگە فەرمییەکان کام شۆشیاڵ میدیا زیاتر بەکاردەهێنیت بۆ وەرگرتنی ناوەرۆکەکان

| ئامێرەکان | دووبارە | ٪ | ن | پەرشبونەوە | ریزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|
| فەیسبوک | 74 | 74 | 1.67 | 1.26 | 1 |
| ئینستاگرام | 10 | 10 | | | 2 |
| تویتەر | 6 | 6 | | | |
| سناپچات | 5 | 5 | | | 3 |
| یوتیوب | 4 | 4 | | | 4 |
| تیک تۆک | 1 | 1 | | | 5 |
| کۆی گشتی | 100 | 100 | | | |

16- پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆراوی رەگەز و شوێن لەسەر رادەی پشتبەستنی خوێندکاران بە پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان

- دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییە بنەڕەتییەکانی تایبەت بە لێتوێژەران، دەردەکەوێت لەڕووی (رەگەز و شوێنەوە)، سامپڵی توێژینەوەکەمان کە ژمارەیان دەگاتە (100) لێتوێژەر، بەمشێوەیەیە:
- ا- رەگەز: بەپێی ناوەندی ریزبەندی گۆڕاوەکە رەگەزی (مێ) بە (69) دووبارە و ناوەندی ریزبەندی (53.81) و رەگەزی (نێر) بەژمارەی (31) و ناوەندی ریزبەندی (43.13)، هەردووکیان بەناوەندە ژمێرەی (14.46) و لادانی پێوەری (1.64) و ئاستی بەڵگەداری (0.079) دەردەکەوێت، هیچ جیاوازییەک لەنێوان هەردوو رەگەزدا نییە، چونکە ئاستی بەڵگەداری بەرزترە لە (0.05)، بەڵام لەسەر ئاستی رەگەزەکان بەجودا و بەپێی ناوەندی ریزبەندی رەگەزی (مێ) زیاتر پشتی پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان بەستووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری زیاتر گرنگیدان بەپەیامی پێگە ئەلکترۆنییەکان بەبەراورد بە رەگەزی نێر.
- بەڵام بەهۆی تۆمارکردنی ئاستی بەڵگەداری بەرێژەی (0.363) کەرێژەکەی لە (0.05) زیاترە بۆیە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەدی ناکرێت لەنێوانیاندا.
- ب- شوێنی نیشتەجێبوون: بەپێی ناوەندی ریزبەندی گۆڕاوەکە رەگەزی (مێ) بە (56) دووبارە و ناوەندی ریزبەندی (44.27) و رەگەزی (نێر) بەژمارەی (44) و ناوەندی ریزبەندی (58.43)، هەردووکیان بەناوەندە ژمێرەی (14.46) و لادانی پێوەری (1.64) و ئاستی بەڵگەداری (0.013) دەردەکەوێت، جیاوازی لەنێوان هەردوو رەگەزدا دەردەکەوێت لەگۆڕاوی شوێندا، چونکە ئاستی بەڵگەداری نزمترە لە (0.05)، زیاتر بەلای (ناوشار)دا دەڕوات، هۆکارەکەشی بۆ ئاسانی دەستخستنی ئەنتەرنێت و ئاستی بژێوی خەڵکی ناوشار دەگەڕێتەوە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (16).

خشتەی (16)

پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەز و شوێن لەسەر رادەی پشتبەستنی خوێندکاران بە پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ڕیزبەندی | ناوەند ژمێرە | لادانی پێوەری | ئاستی بە لگەداری | بەهای T |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 31 | 43.13 | 14.46 | 1.64 | 0.079 | 1.75 |
| مێ | 69 | 53.81 | | | | |
| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | ناوەندی ڕیزبەندی | ناوەند ژمێرە | لادانی پێوەری | ئاستی بە لگەداری | بەهای T |
| ناوشار | 44 | 58.43 | 14.46 | 1.64 | 0.013 | 1.77 |
| دەرەوەی شار | 56 | 44.27 | | | | |

17- پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن و ئامرازی بەکارهێنان لەسەر رادەی پشتبەستنی خوێندکاران بە پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان

- دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییە بنەڕەتییەکانی تایبەت بە لێتوێژەران، دەردەکەوێت لەڕووی گۆڕاوی (تەمەن و ئامرازی بەکارهێنان)، لەلایەن سامپڵی توێژینەوەکەمان کە ژمارەیان دەگاتە (100) لێتوێژەر، بەمشێوەیەیە:
- ا- تەمەن: بەپێی پلەبەندی ناوەندی ریزبەندی تەمەنی (21-23) بە دووبارەی (14) و (58.61)، بەبەرزترین ناوەندی ریزبەندی و (27- بەرەوسەر) بەژمارەی (4) و (38.50)، کەکەمترین ئاستی ناوەندی ریزبەندی (38.50)، دەردەکەوێت تەمەنی (21-23) زیاتر پشت بە پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان دەبەستن بەراورد بەتەمەنەکانی تر، بەڵام بەپێی ئاستی بەڵگەداری (0.339) هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئاستەکانی تەمەندا دەرناکەوێت، چونکە ڕێژەکەی بەرزترە لە (0.05)، هۆکارەکەشی بۆ زۆری هەبونی کات و بەرەوپێشچونی تەکنەلۆژیایە، کەڕۆچۆتە ناو کایە و ژیانی هەموو تاکێک لەسەر ئاستی جیهان.
- ب- ئامراز: بەپێی پلەبەندی ناوەندی ریزبەندی رادیۆ بە (4) دووبارە و (59.88)، بەبەرزترین ناوەندی ریزبەندی و (ڕۆژنامە) بە (7) دووبارە و (24.50)، کەکەمترین ئاستی ناوەندی ریزبەندی هەیە، دەردەکەوێت رادیۆ زیاتر پشتی پێبەستراوە، بەراورد ئامرازەکانی تر، بەڵام بەپێی ئاستی بەڵگەداری (0.061) هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئامرازەکاندا دەرناکەوێت، چونکە ڕێژەکەی بەرزترە لە (0.05)، هۆکارەکەشی بۆ زۆری تێچون دەگەڕێتەوە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (17).

خشتەی (17)

پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن و ئامراز لەسەر رادەی پشتبەستنی خوێندکاران بە پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان

| تەمەن | ژمارە | ناوەندی ڕیزبەندی | ناوەند ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا2 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 20-18 | 51 | 46.82 | 14.46 | 1.64 | 3 | 0.339 | 3.363 |
| 23-21 | 14 | 58.61 | | | | | |
| 26-24 | 31 | 54.44 | | | | | |
| 27 – بەرەوسەر | 4 | 38.50 | | | | | |

| ئامراز | ژمارە | ناوەندی ڕیزبەندی | ناوەند ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا2 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژنامە | 7 | 24.50 | 14.46 | 1.64 | 3 | 0.061 | 7.371 |
| تەلەفزیۆن | 15 | 46.73 | | | | | |
| رادیۆ | 4 | 59.88 | | | | | |
| میدیای نوێ | 74 | 53.22 | | | | | |

18- پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەز و شوێن لەسەر رادەی وەرگرتنی پەیامی پێگە ئەلکترۆنییەکان لەلایەن خوێندکارانەوە

- دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییە بنەڕەتییەکانی تایبەت بە لێتوێژەران، دەردەکەوێت لەڕووی (ڕەگەز و شوێن)، سامپڵی توێژینەوەکەمان کە ژمارەیان دەگاتە (100) لێتوێژەر، بەمشێوەیەیە:
- ا- ڕەگەز: بەپێی ناوەندی ریزبەندی گۆڕاوەکە ڕەگەزی (مێ) بە (69) دووبارە و ناوەندی ریزبەندی (53.81) و ڕەگەزی (نێر) بەژمارەی (31) و ناوەندی ریزبەندی (43.13)، هەردووکیان بەناوەندە ژمێرەی (14.46) و لادانی پێوەری (1.64) و ئاستی بەڵگەداری (0.079) دەردەکەوێت، هیچ جیاوازییەک لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا نییە، چونکە ئاستی بەڵگەداری بەرزترە لە (0.05)، بەڵام لەسەر ئاستی ڕەگەزەکان بەجودا و بەپێی ناوەندی ریزبەندی ڕەگەزی (مێ) زیاتر پشتی بە پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان بەستووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری بوونی کاتی زیاتر وەک لەکوڕان.
- بەڵام بەهۆی تۆمارکردنی ئاستی بەڵگەداری بەڕێژەی (0.363) کەڕێژەکەی لە (0.05) زیاترە بۆیە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەدی ناکرێت لەنێوانیاندا.
- ب- شوێنی نیشتەجێبوون: بەپێی ناوەندی ریزبەندی گۆڕاوەکە ڕەگەزی (مێ) بە (56) دووبارە و ناوەندی ریزبەندی (44.27) و ڕەگەزی (نێر) بەژمارەی (44) و ناوەندی ریزبەندی (58.43)، هەردووکیان بەناوەندە ژمێرەی (14.46) و لادانی پێوەری (1.64) و ئاستی بەڵگەداری (0.013) دەردەکەوێت، جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا دەردەکەوێت لەگۆڕاوی شوێندا، چونکە ئاستی بەڵگەداری نزمترە لە (0.05)، زیاتر بەلای (ناوشار)دا دەڕوات، ، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (18).

خشتەی (18)

پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەز و شوێن لەسەر رادەی وەرگرتنی پەیامی پێگە ئەلکترۆنییەکان لەلایەن خوێندکارانەوە

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ڕیزبەندی | ناوەند ژمێرە | لادانی پێوەری | ئاستی بە لگەداری | بەهای T |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 31 | 43.13 | 14.46 | 1.64 | 0.079 | 1.75 |
| مێ | 69 | 53.81 | | | | |
| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | ناوەندی ڕیزبەندی | ناوەند ژمێرە | لادانی پێوەری | ئاستی بە لگەداری | بەهای T |
| ناوشار | 44 | 55.13 | 9.33 | 2.55 | 0.147 | 1.77 |
| دەرەوەی شار | 56 | 46.87 | | | | |

19- پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن و ئامڕازی بەکارهێنان لەسەر رادەی پشتبەستنی خوێندکاران بە پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان

- دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییە بنەڕەتییەکانی تایبەت بە لێتوێژەران، دەردەکەوێت لەڕووی گۆڕاوی (تەمەن و ئـامڕازی بەکارهێـنـان)، لەلایەن سـامپڵی توێژینەوەکەمان کە ژمارەیان دەگاتە (100) لێتوێژەر، بەمشێوەیەیە:

- ا- تەمەن: بەپێی پلەبەندی ناوەندی ریزبەندی تەمەنی (21-23) بە دووبارەی (14) و (58.61)، بەبەرزترین ناوەندی ریزبەندی و (27- بەرەوسەر) بەژمارەی (4) و (38.50)، کەکەمترین ئاستی ناوەندی ریزبەندی (38.50)، دەردەکەوێت تەمەنی (21-23) زیاتر پشت بە پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان دەبەستن بەراورد بەتەمەنەکانی تر، بەڵام بەپێی ئاستی بەڵگەداری (0.339) هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئاستەکانی تەمەندا دەرناکەوێت، چونکە رێژەکەی بەرزترە لە (0.05)، هۆکارەکەشی بۆ زۆری هەبونی کات و بەرەوپێشچونی تەکنەلۆژیایە، کەڕۆچۆتە ناو کایەی ژیانی هەموو تاکێک لەسەر ئاستی جیهان.

- ب- ئـامڕاز: بەپێی پلەبەنـدی ناوەنـدی ریزبەنـدی رادیۆ بە (4) دووبارە و (59.88)، بەبەرزترین ناوەنـدی ریزبەنـدی و (رۆژنامە) بە (7) دووبارە و (24.50)، کەکەمترین ئاستی ناوەندی ریزبەندی هەیە، دەردەکەوێت رادیۆ زیاتر پشتی پێبەستراوە، بەراورد ئامڕازەکانی تر، بەڵام بەپێی ئاستی بەڵگەداری (0.061) هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئامڕازەکاندا دەرناکەوێت، چونکە رێژەکەی بەرزترە لە (0.05)، هۆکارەکەشی بۆ زۆری تێچوونی کەمی سەرچاوەی ئامڕازەکان دەگەڕێتەوە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (19).

خشتەی (19)

پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن و ئامڕازی بەکارهێنان لەسەر رادەی پشتبەستنی خوێندکاران بە پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان

| تەمەن | ژمارە | ناوەندی ریزبەندی | ناوەند ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا2 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 20-18 | 51 | 46.82 | 14.46 | 1.64 | 3 | 0.339 | 3.36 |
| 23-21 | 14 | 58.61 | | | | | |
| 26-24 | 31 | 54.44 | | | | | |
| 27 -بەرەوسەر | 4 | 38.50 | | | | | |
| ئامڕاز | ژمارە | ناوەندی ریزبەندی | ناوەند ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | کا2 |
| رۆژنامە | 7 | 19.21 | 9.33 | 2.55 | 3 | 0.002 | 14.55 |
| تەلەفزیۆن | 15 | 37.47 | | | | | |
| رادیۆ | 4 | 58.50 | | | | | |
| میدیای نوێ | 74 | 55.67 | | | | | |

20- پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی رەگەز و شوێن لەسەر رادەی پشتبەستنی خوێندکاران بە پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان

- دوای هەڵاوێرکردنی زانیارییە بنەڕەتییەکانی تایبەت بە لێتوێژەران، دەردەکەوێت لەڕووی (رەگەز و شـوێنەوە)، سـامپڵی توێژینەوەکەمان کە ژمارەیان دەگاتە (100) لێتوێژەر، بەمشێوەیەیە:

- ا- رەگەز: بەپێی ناوەندی ریزبەندی گۆڕاوەکە رەگەزی (مێ) بە (69) دووبارە و ناوەندی ریزبەندی (53.81) و رەگەزی (نێر) بەژمارەی (31) و ناوەندی ریزبەندی (43.13)، هەردووکیان بەناوەندە ژمێرەی (14.46) و لادانی پێوەری (1.64) و ئاستی بەڵگەداری (0.079) دەردەکەوێت، هیچ جیاوازییەک لەنێوان هەردوو رەگەزدا نییە، چونکە ئـاسـتی بەڵگەداری بەرزترە لە (0.05)، بەڵام لەسـەر ئاسـتی رەگەزەکان بەجودا و بەپێی ناوەندی ریزبەندی رەگەزی (مێ) زیاتر پشـتی بە پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان بەسـتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری بوونی کاتی زیاتر وەک لەکوڕان.

- بەڵام بەهۆی تۆمارکردنی ئاسـتی بەڵگەداری بەڕێژەی (0.363) کەڕێژەکەی لە (0.05) زیاترە بۆیە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەدی ناکرێت لەنێوانیاندا.

- ب- شـوێنی نیشـتەجێبوون: بەپێی ناوەندی ریزبەندی گۆڕاوەکە رەگەزی (مێ) بە (56) دووبارە و ناوەنـدی ریزبەنـدی (44.27) و رەگەزی (نێر) بەژمـارەی (44) و ناوەندی ریزبەندی (58.43)، هەردووکیان بەناوەندە ژمێرەی (14.46) و لادانی پێوەری (1.64) و ئـاسـتی بەڵگەداری (0.013) دەردەکەوێـت، جیاوازی لەنێوان هەردوو رەگەزدا دەردەکەوێت لەگۆڕاوی شـوێندا، چونکە ئاسـتی بەڵگەداری نزمترە لە (0.05)، زیاتر بەلای (ناوشـار)دا دەڕوات، ، بۆ زانیاريي زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (20).

خشتەی (20)

پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی رەگەز و شوێن لەسەر رادەی کارلێکردنی خوێندکاران لەگەڵ پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان

| رەگەز | ژمارە | ناوەندی ریزبەندی | ناوەند ژمێرە | لادانی پێوەری | ئاستی بە ڵگەداری | بەهای T |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 31 | 43.13 | 14.46 | 1.64 | 0.079 | 1.75 |
| مێ | 69 | 53.81 | | | | |
| شوێنی نیشتەجێبون | ژمارە | ناوەندی ریزبەندی | ناوەند ژمێرە | لادانی پێوەری | ئاستی بە ڵگەداری | بەهای T |
| ناوشار | 44 | 48.82 | 15.37 | 4.14 | 0.606 | 1.01 |
| دەرەوەی شار | 56 | 51.82 | | | | |

21- پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لەسەر رادەی کارلێکردنی خوێندکاران لەگەڵ پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان

- دوای هەڵاوێرکردنی زانیـارییە بنەڕەتییەکانی تایبەت بە لێتوێژەران، دەردەکەوێت لەڕووی گۆڕاوی (تەمەن و ئامڕازی بەکارهێنان)، لەلایەن سـامپڵی توێژینەوەکەمان کە ژمارەیان دەگاتە (100) لێتوێژەر، بەمشێوەیەیە:

- ا- تەمەن: بەپێی پلەبەندی ناوەندی ریزبەندی تەمەنی (21-23) بە دووبارەی (14) و (58.61)، بەبەرزترین ناوەندی ریزبەندی و (27- بەرەوسەر) بەژمارەی (4) و (38.50)، کەکەمترین ئاستی ناوەندی ریزبەندی (38.50)، دەردەکەوێت تەمەنی (21-23) زیاتر پشـت بە پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان دەبەسـتن بەراورد بەتەمەنەکانی تر، بەڵام بەپێی ئاسـتی بەڵگەداری (0.339) هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئاسـتەکانی تەمەندا دەرناکەوێت، چونکە رێژەکەی بەرزترە لە (0.05)،

هۆکارەکەشی بۆ زۆری هەبونی کات و بەرەوپێشچونی تەکنەلۆژیایە، کەڕۆچۆتە ناو کایەی ژیانی هەموو تاکێک لەسەر ئاستی جیهان، بڕوانە خشتەی ژمارە (21).

خشتەی (21)

پێوەری (کروسکاڵ) بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆراوی تەمەن لەسەر رادەی کارلێکردنی خوێندکاران لەگەڵ پەیامی پێگەئەلکترۆنییەکان

| تەمەن | ژمارە | ناوەندی ڕیزبەندی | ناوەند ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بە لگەداری | کا2 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 20-18 | 51 | 39.99 | 15.37 | 4.14 | 3 | 0.002 | 14.51 |
| 23-21 | 14 | 67.14 | | | | | |
| 26-24 | 31 | 59.27 | | | | | |
| 27 -بەرەوسەر | 4 | 58.25 | | | | | |

22- ئاستی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر خوێندکارانی بەشی راگەیاندن

دوای هەڵاوێکردنی وەڵامەکانی لێتوێژەران دەردەکەوێت، میدیای نوێ کاریگەری بەهێزی لەسەر خوێندکارانی زانکۆ بەشی راگەیاندن دروستکردووە، چونکە ئاستی بەڵگەداری، کەدەکاتە (0.000) بچوکترە لەئاستی بەڵگەداری (0.05)، کەزیاتر بەلای هەڵبژاردەی (هەندێکجار)دا دەڕوات، چونکە ناوەندی خشتەیی و ناوەندی گریمانەیی، جیاوازییەکی ئەتۆیان تێدا نییە، هۆکارەکەشی پێداویستی خوێندکارانە بە ئەنتەرنێت و زانیارییەکان بەتایبەتیش لەماوەی سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە خشتەی (22).

خشتە (22)

ئاستی کاریگەری میدیای نوێ لەسەر خوێندکارانی بەشی راگەیاندن

| کاریگەری | زۆرجار | | هەندێکجار | | هەرگیز | | ن | ڕیزبەندی | ئاست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| 1- تاچ رادەیەک بۆ وەرگرتنی زانیاری پشت بە میدیای نوێ دەبەستیت؟ | 97 | 44.49 | 98 | 44.95 | 23 | 10.55 | 1.78 | 7 | بێلایەن |
| 2- تاچەند دڵنیایت لەڕاستگۆیی ناوەرۆکەکانی پێگە ئەلکترۆنییەکان؟ | 31 | 14.22 | 179 | 82.11 | 8 | 3.66 | 1.98 | 5 | بێلایەن |
| 3- ناوەرۆکەکان هۆکارێکن بۆ راکێشانی سەرنجت؟ | 31 | 14.22 | 165 | 75.68 | 22 | 10.09 | 1.95 | 6 | بێلایەن |
| 4- ناوەرۆکی ناو پێگەکان توانیویانە واتلێبکەن پێویست بەسەرچاوەی تر نەبێت بۆ وەرگرتنی زانیاری؟ | 3 | 3 | 88 | 88 | 9 | 9 | 2.06 | 3 | بێلایەن |
| 5- تەنها پێگەئەلکترۆنییە ناوخۆییەکان دەتوانن داخوازییەکانت بۆ وەرگرتنی ناوەرۆەکاکن پڕ بکەنەوە؟ | 3 | 6 | 60 | 60 | 37 | 37 | 2.34 | 1 | نییە |
| 6- ئایا پێگەفەرمییەکان، هۆکارێکن بۆ چالاک بونت لەسەر بەکارهێنانی میدیایی نوێ؟ | 8 | 8 | 72 | 72 | 20 | 20 | 2.12 | 2 | بێلایەن |
| 7- ناوەرۆکی پێگە ئەلکترۆنییەکان هۆکارێک بون بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریت؟ | 8 | 8 | 79 | 79 | 13 | 13 | 2.05 | 4 | بێلایەن |
| کۆی گشتی | 2.04 | | | | | | | | بێلایەن |
| نمرەی ئازادی 99 ئاستی بەڵگەداری 0.000 ناوەندی 87.748 Tبەهای خشتەیی 14.28 ناوەندی گریمانە 14 | | | | | | | | | |

## دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

دوای هەڵاوێرکردنی گشت زانیارییەکان و وەرگرتنی وەڵامی خوێندکارانی بەشی راگەیاندن و راڤەکردن و شیکردنەوەی وەڵامەکان توێژەر گیشتە ئەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:

1- بەپێی وەڵامەکان و شیکردنەوەی خشتەکان، دەردەکەوێت خوێندکاران بەشی راگەیاندن، بۆ دەستخستنی زانیارییەکان پشت بەمیدیای نوێ و پەیامەکانی پێگە ئەلکترۆنییەکان دەبەستن.

2- خوێندکارانی بەشی راگەیاندن کارلێک لەگەڵ پەیامەکانی پێگە ئەلکترۆنییەکان دەکەن، میدیای نوێش هۆکارێکە بۆ ئەو کارلێکردنە، بەتایبەتیش بۆ وەرگردتنی زانیاری تازە لەمیدیای نوێدا.

3- بەپێی خشتەکان دەردەکەوێت خوێندکارانی بەشی راگەیاندن، بەکارهێنەرێکی چالاکی میدیای نوێن و بەردەوام و رۆژانە بەکاری دەهێنن.

4- ئەنجامەکان دەریدەخەن رەگەزی مێ زیاتر بەکارهێنەر و کارلێک دەکەن لەگەڵ پەیامەکان.

5- خوێندکارانی ناوشار توانای بەکارهێنان و پشت بەستنیان بە پەیام و پێگە ئەلکترۆنییەکان زیاترە وەک لەخوێندکارانی دەرەوەی شار، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ

خراپی ئەنتەرنێت و بڕی تێچونە لەدەرەوەی شارەکان لەگەڵ ئاستی بژێوی دانیشتوانی دەرەوەی شار.

### راسپاردە و پێشنیارەکان:

### پێشنیارەکان

1- پێویستە پێگە ئەلکترۆنییە کوردییەکان زیاتر گرنگی بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی تازە بەسەرچاوەی باوەڕ پێکراو بدەن، لەپێناو رازیکردنی خواستی جەماوەر.
2- پەیامەکان بەشێوازێک بن، لەهەموو کات و شوێنکدا بەئاسانی دەست بەکارهێنەران بکەون.
3- ئاستی خزمەتگوزاری ئەنتەرنێت بەرزبکرێتەوە و بڕی تێچوو کەم بکرێتەوە.
راسپاردە
1- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر رادەی گرنگی پەیامە میدیاییەکان لەپێگە ئەلکترۆنییەکاندا.
2- هەڵسەنگاندن بۆ ئەو پەیامانەی لەپێگە ئەلکترۆنییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە.

## سەرچاوەکان

### پەرتوکی ئینگلیزی:

Lester, P. M., Visual communication: images with messages. Boston. MA, Wadsworth, 2011.

### پێگەی ئەلکترۆنی:

HuffPost UK, 21 YEARS LATER: World's First Website Still Online. [https://www.huffingtonpost.com/2012/08/06/worlds-first-website_n_1747476.html, 2018.

Merriam-webster.com. Definition of WEBSITE. https://www.merriam-webster.com/dictionary/website, 2018

https://www.w3.org/History/19921103hypertext/hypertext/WWW/TheProject.html

Oxford Dictionaries | English, new media | Definition of new media in English by Oxford Dictionaries. https://en.oxforddictionaries.com/definition/new_media, 2018.

Techopedia.com. What is New Media? - Definition from Techopedia https://www.techopedia.com/definition/416/new-media, 2018.

www.dictionary.com. the definition of website. https://www.dictionary.com/browse/website, 2018.